له بڵاو كراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

# بیدعە

## پێناسەكەی و جۆرەكانی و ئەحكامەكانی

(**البدعة** : تعريفها . أنواعها . أحكامها)

نووسینی

زانای پایەبەرز شێخ ( صالـح بن فوزان بن عبدالله الفوزان )

ئەندامی دەستەی گەورە زانایان

وە ئەندامی لیجنەی هەمیشەیی فەتوادان

وەرگێڕانی : زریان عزیز حەمە

پێداچوونەوەی : محمد عبد الرحمن لطيف

وتارخوێنی مزگەوتی ( شێخ إبراهيم ) / كەلار

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالّح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحیم

## پێشەکی مامۆستا ( محمد عبد الرحمن لطیف )

کتێبی (**بیدعە : پێناسەکەی و جۆرەکانی و ئەحکامەکانی**) لە وەرگێڕانی برای زۆر بەڕێز و زۆر خۆشەویستم (مامۆستا عبد الرحمن سەرچناری) ـ لە پاش خوێندەوە و پێداچوونەوەی بینیم ـ شاکارێکی زۆر جوان و بە نرخە و هەوڵێکی زێڕینە لە بواری وەرگێڕانی کتێبە ڕاست و ڕەسنەکانی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە بۆ سەر زمانی کوردی بۆ ئەوەی موسڵمانانی کورد زمانیش سوودمەند و بەهرەمەند بن بەو جۆرە کتێبە زۆر بە نرخ و گرنگانە .

بەڕاستی موسڵمانان لەم کاتەدا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە نوسین و پەخش و وەرگێڕان و ڕاگەیاندنی حەق و ڕێنماییەکانی **ڕێگای ڕاست** هەیە ، وە لە هەمان کاتیشدا پێویستیان بەوەش هەیە کە وریا و بێدار بکرێنەوە لەوەی کە پێچەوانەی حەقە لە شیرك و بیدعە و داهێنراوەکان .. چونکە چەندین کەس و تاقم و خەڵکی جۆراوجۆر هەن بانگەواز دەکەن بۆ کەس و شەخس پەرستی و هەروەها بۆ پەیرەوکردنی جۆرەها بیدعە و لاڕێکردنی ئادەمیزاد لە ئیسلامی پیرۆز .

داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی نووسەر و وەرگێڕیش بداتەوە بە (فردوس الأعلى) و ئەم بەرهەمە زۆر گرنگ و بایەخدارە بکاتە زەخیرەی قەبر و قیامەتیان .

گەرمیان / کەلار

٢ / ذو القعدة / ١٤٣١ ك

بسم الله الرحمن الرحیم

## پێشەکی دانەر :

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانەکان کە فەرمانی پێ کردوین بە شوێن کەوتن و نەهی لێ کردوین لە داهێنان، وە درودو سڵاو لە سەر پێغەمبەرمان موحەممەد، کە خوای گەورە ناردویەتی شوێنی کەوین و هەرگیز لە فەرمانی دەرنەچین ، وە لەسەر کەس و کارو هاوەڵەکانی، وە سەرجەم یارو شوێنکەوتوانی .

دوای ئەوە :

ئەمە چەند بەشێکە سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی جۆرەکانی بیدعە و قەدەغەکردنی لە شەرعدا، پێویستێتی (واجبێتی) دڵسۆزی و ئامۆژگاری بۆ خوا و بۆ کتێبەکەی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و بۆ پیشەوایانی موسوڵمانان و سەرجەمی موسوڵمانانیش ئەوەی خواستووە کە بیانووسمەوە .

## بەشی یەكەم:

## پێناسەی بیدعه و جۆرەكانی و حوكمەكانی

بیدعه لە زمانەوانیدا وەرگیراوە لە (البدع)ەوە كە داهێنانە، ئەویش بە واتای بەدیهێنانی شتێك دێت كە لەوەوپێش نەبوبێت، وەكو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿بَدِيعُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ ﴿١١٧﴾﴾ [البقرة] .

واتە : خوا بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەمینە، بەو واتایەی كە خوای گەورە ئاسمانەكان و زەوی بەدی هێناون كە لەوەوپێش هاو شێوەیان نەبوە.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ مَا كُنتُ بِدۡعٗا مِّنَ ٱلرُّسُلِ ﴿٩﴾﴾ [الأحقاف] .

واتە : ئەی موحەمەد (ﷺ) بڵێ : خۆ من یەكەم كەس نیم كە پەیامم لای خواوە هێناوە بۆ بەندەكانی! بەڵكو پێغەمبەرانێكی زۆر لە پێشمدا هاتوون .

وە لە عەرەبیدا دەگوترێت: (ابتَدَعَ فُلانٌ بِدْعَةً) واتە فلانەكەس داهێنراوێكی داهێنا، یەعنی ڕێگایەكی بەدیهێناوە كە لەوەوپێش هاوشێوەی نەبووە.

## بیدعە دوو بەشە :

**بەشی یەکەم**: داهێنان لە شتە ئاساییەکاندا (العادات) ، وەکو ئەم بەدیهێنراوە نوێیانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دێنین، ئەوەش ڕێ پێ دراون، چونکە کاروبار و شتە ئاساییەکان لە بنەڕەتدا ڕێ پێ دراون لە شەرعدا.

**بەشی دووەم**: داهێنانی شتی نوێ لە دیندا ئەمەیان حەرامە و ڕێ پێ نەدراوە، چونکە هەموو خواپەرستیەك لە بنەڕەتدا قەدەغەیە مەگەر بە بەڵگەیەك کە لە شەرعدا هاتبێت.

بەڵگەمان بۆ ئەم وتەیەمان ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((مَنْ أَحدَثَ في أَمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ))[١].

واتە: هەر کەسێك شتێکی نوێ لەم دینەدا دابهێنێت کە خۆی تێیدا نەبێت ئەوا لێی وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

هەروەها پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمویەتی: ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيهِ أَمرُنا فَهوَ رَدٌّ))[٢].

---

[١] رواه البخاري ومسلم .

[٢] في صحيح مسلم .

واتە: هەر کەسێك هەر کارێك ئەنجام بدات ـ لە دینەکەماندا ـ کە ئێمە فەرمانمان پێ نەدابێت ئەوا ئەو کارە ڕەت کراوەیە.

## جۆرەکانی بیدعە

**بیدعەش لە دیندا دوو جۆرە:**

**بیدعە لە بیروباوەڕدا** (بدعة قولية اعتقادية) : وەکو بۆچوونی (جەهمیەکان) و (موعتەزیلە) و (ڕافیزە) و سەرجەم گروپە سەرلێشێواوەکان و بیروڕاکانیان.

**بیدعە لە پەرستنەکاندا**: وەکو خواپەرستی کردن بە شێوازێك کە خوای گەورە بەو شێوەیە دای نەنابێت، ئەویش چەند جۆرێکن :

١ ـ داهێنانی پەرستنێك کە ئەو پەرستنە لە بنەڕەتدا لە دیندا هەر نەبێت، وەکو داهێنانی نوێژێکی زیادە کە لە شەرعدا نەبێت، یان بە ڕۆژوو بوونێك کە لە شەرعدا نەبێت، یا داهێنانی چەند جەژنێك کە لە شەرعدا نەبن وەکو ئاهەنگی یادی مەولود و چەندان جەژنی تر جگە لەو .

٢ ـ زیادکردنی شتێك بۆ خواپەرستییەك کە لە بنەڕەتدا ئەو خواپەرستییە لە شەرعدا هەبێت، وەکو زیاد کردنی ڕکاتی پێنجەم بۆ نوێژی نیوەڕۆ یان عەسر .

٣ ـ داهێنان لە شێواز و چۆنێتی هەستان بە پەرستنەکان، یان ئەنجامدانی پەرستنێك بەشێوازیك پێی هەڵسێت کە لە شەرعدا نەهاتبێت، وەکو خوێندنی زیکرە شەرعیەکان بە کۆمەڵ و بە دەنگی بەرز و بە شێوازی کۆرس و ئاوازدار، وە یان زیادەڕەوی لە پەرستنێکدا کە لە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) لابدات .

٤ ـ داهێنان لە کاتی پەرستندا: وەکو ئەنجامدانی خواپەرستیەك و پەیوەست کردنی بە کاتێکی تایبەتیەوە کە لە شەرعدا ئەو کاتەی بۆ دیاری نەکرابێت.

وەکو تەرخان کردنی ڕۆژی (١٥)ی مانگی شەعبان بۆ بە ڕۆژوبوون و شەوەکەشی بۆ شەونوێژ ، کە خۆی لە ڕاستیدا نوێژ و ڕۆژو لە شەرعدا هاتون، بەڵام تەرخان کردنیان بە کاتێکی تایبەتیەوە دەبێت بە بەڵگەیەك بێت کە لە شەرعدا دیاری کرابێت نەك لە خۆمانەوە بیبەستینەوە بە کاتێکی دیاری کراوەوە.

## حوکمی بیدعە لە دیندا بە سەرجەم شێوازە کانیەوە :

هـەموو جۆرەکـانی بیدعـە لـە دینـدا حـەرامن و گـومڕایین، بـە بەڵگـەی فەرموودەی پێغەمبـەرمان (ﷺ): ((وإياكُمْ ومُحدَثاتِ الأُمور فَإنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدعةٌ وَكُلَّ بِدعَةٍ ضَلالةٌ))[٣].

واتـە: وە ئاگـاداری داهێنـراوە نوێیـەکان بـن لـە دینـدا، چـونکە هـەموو داهێنراوێك لە دیندا بیدعەن و هەموو بیدعەیەکیش گومڕای‌یە.

وە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ) : ((مَنْ أَحدَثَ في أَمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ)).

وە لە ریوایەتێکی تردا: ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيهِ أَمرُنا فَهوَ رَدٌّ)).

ئەمانەش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەموو داهێنراوێك لە دیندا بیدعەیـە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە و وەرنەگیراوە و ڕەتکراوەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کـە بیدعـە لـە پەرسـتن و بیروباوەڕیشـدا حـەرامن، بـەڵام حـەرام بوونەکەیان جیاوازن بە گوێرەی جۆری بیدعەکە.

---

[٣] رواه أبو داود والترمذي وقال حديث حسن صحيح .

چونکە بیدعە هەیە کوفرێکی ئاشکرایە وەکو سوڕانەوە (تەواف کردن) بە دەوری قەبردا یا پەرستنی مردووی ناو گۆڕەکە، وە نەزر و قوربانی کردن بۆ مردووی ناو گۆڕەکە یان پاڕانەوە لە مردووەکان، وە داوای یارمەتی کردن لێیان، وە یان بۆچوونە زیادەڕەوییەکانی (جەهمیەکان) و (موعتەزیلەکان) .

وە بیدعەش هەیە دەبێتە هۆکارێك لە هۆکارەکانی هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە، وەکو هەڵبەستنی قەبر و نوێژکردن و پاڕانەوە لەسەری.

وە بیدعەش هەیە دەبێتە لادان لە بیروباوەڕدا وەکو بیدعەی (خەواریجەکان) و (قەدەریەکان) و (مورجیئەکان) لەلایەنی بۆچوون و بیروباوەڕە هەڵەکانیان کە پێچەوانەی بەڵگە شەرعییەکانن.

وە بیدعەش هەیە دەبێتە تاوانێك لە تاوانەکان وەکو بیدعەی (التَّبتول)[٤] و وەستان بە پێوە لە بەر هەتاودا لە کاتی بەرۆژووندا، کە بە گومانی خۆیان پاداشتی زیاتر وەرگرن لەسەر ئەو خۆ نارەحەت کردنە، وە خۆ خەساندن بە مەبەستی دورکەوتنەوە لە چێژی هاوسەرگیری[٥].

---

[٤] واتە: خۆگرتنەوە لە هاوسەرگیری و مانەوە بە زگورتێتی و دابڕان بۆ خواپەرستی تاوەکو مردن، کە ئەمەش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕێ پێدراو نییە و یەکێکە لەو بیدعانەی کە لکێندراوە بە دینەکەمانەوە.(وەرگێڕ).

[٥] انظر الاعتصام للشاطبي : (٢/٣٧) .

## تێبینییەك :

هەر کەسێك بیدعەی کردووە بە دوو بەشەوە بیدعەی باش و بیدعەی خراپ ! ئەوا بە هەڵەدا چووە و پێچەوانەی فەرموودەکەی پێغەمبەری (ﷺ) کردووە کە فەرموویەتی: ((فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ)) چونکە پێغەمبەر (ﷺ) بە گشتی بڕیاریداوە بەسەر هەموو بیدعەیەکدا کەوا گومڕاییە بە بێ جیاوازی، کەچی ئەو کەسە دەڵێت نەخێر هەموو بیدعەیەك خراپ نییە بەڵکو هەندێك بیدعە هەن باشن !

زانای پایەبەرز ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی بەغدادی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە شەرحی (چل فەرمودەکەی نەوەوی)دا دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت: (ئەم فەرموودەیە ((فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ)) لە فەرمایشتە گشتیەکانە کە هیچ شتێکی لێ بەدەر نەکردووە، ئەمەش بنەمایەکی گەورەیە لە بنەماکانی ئایین ، ئەم فەرموودەیە هاوشێوەی فەرموودەکەی تری پێغەمبەرە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((مَنْ أَحدَثَ في أَمرِنا هذا ما لَيسَ مِنهُ فَهوَ رَدٌّ))، کەواتە هەر کەسێك شتێکی نوێ دابهێنێت و بیداتە پاڵ دین کە خۆی لە بنەڕەتدا لە دیندا نەبێت و بگەڕێتەوە بۆی ئەوا گومڕایە، وە دین لێی بێ

بەرییە ، ئیتر ئەگەر ئەو داهێنراوە لە بابەتی بیروباوەڕ یان کردار و گوفتاریشدا بێت، ئاشکرا و لە بەرچاودا بێت یان شاراوە و نادیار بێت)[٦].

ئەو کەسانەش کە دەڵێن بیدعەی باش و خراپیش هەیە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نییە جگە لە فەرمایشتەکەی عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازیبێت)، کە کاتێك صەحابەکان نوێژی تەراویحیان دەکرد بە جەماعەت لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) ، کە ئەمەی بینی فەرموی: (نِعْمَتِ البَدْعَةُ هذِهِ) واتە: ئەمە باشترین بیدعەیە.

وە یان دەڵێن لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە (ﷺ) چەند بیدعەیەك داهێنراوە بەڵام پێشینەکان هیچ ناڕەزاییان دەرنەبڕیوە، وەکو کۆکردنەوەی قورئانی پیرۆز لە دوتوێی کتێبێکدا، وە یان نوسینەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) .

وەڵامیش بۆ ئەم وتانە ئەوەیە کە: ئەم شتانە لە شەرعدا بنەمایەکیان هەبووە و بە داهێنراو ناژمێردرێن, وە دەربارەی فەرمایشتەکەی (عومەری کوڕی خەتتاب)یش لە بارەی نوێژی تەراویحەوە کە فەرموویەتی: (نِعْمَتِ البَدْعَةُ هذِهِ)، مەبەستی لە بیدعە بووە لە زمانەوانیدا نەك لە ڕوانگەی

(٦) جامع العلوم والحكم ص : (٢٢٣) .

شەرعەوە، چونکە هەر کارێك لە شەرعدا هەبێت ئەگەر گوترا ئـەوە بیدعەیـە، مەبەست پێی بیدعەی زمانەوانیـە نـەك بیدعـەی شـەرعی، چـونکە بیدعـە لـە شەرعدا بە کارێك دەگوترێت کە لە بنەڕەتدا لە شەرعدا هەرنەبێت.

بۆ نموونە: کۆکردنەوەی قورئان لە دوتـوێی کتێبێکـدا ئەمـە لـە شـەرعدا بنەمایەکی هەبووە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە بـە نوسـینەوەی قورئانی پیرۆز، بەڵام لە سەرەتاوە بەش بەش بووە، پاشان صـەحابەکان لـە کتێبێکدا کۆیان کردۆتەوە تا پارێزراوبێ، وە دەربارەی نوێژی تەراویح کـردن بە جەماعـەت، لـە سـەرەتادا پێغەمبـەر (ﷺ) بـە جەماعـەت بۆیـانی دەکـرد، پاشان لە ترسی ئەوەی کە لە سەر ئۆمەتەکەی فەرز نەکرێت پێغەمبـەر (ﷺ) بڕیاریدا کە بە جودا جودا لە ماڵەوە تەراویحەکـەیان بکـەن، وە صـەحابەکان تـاوەکو پێغەمبـەر (ﷺ) لـە ژیانـدا مـابوو هـەر لـە ماڵـەکانی خۆیانـدا نوێـژی تەراویحیان دەکرد، پاشان لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبـەر (ﷺ) ، (عومـەری کوڕی خەتتاب ﷺ) هەموویانی کۆکردەوە بۆ ئەوەی نوێـژی تـەراویح لـە دوای یـەك ئیمامـەوە بکـەن هـەر وەکـو چـۆن لـە سـەرەتادا هـەمویان لـە دوای پێغەمبەرەوە (ﷺ) نوێژی تەراویحەکەیان دەکرد، کەواتە ئەم کـارە داهێنـانی شتێکی تازە نىیە بۆ دین.

هەروەها نوسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە پاش کۆچی دوایی خۆی، بە یەکێك لە داهێنراوەکان دانانرێت چونکە لە شەرعدا بنەڕەتێکیان هەیە، بۆ نمونە پێغەمبەرمان (ﷺ) جاری وا هەبووە فەرمانی کردووە بە نوسینەوەی هەندێك لە فەرمودەکانی، هەرکاتێك کە صەحابەکان داوایان کردبێت، بەڵام بۆیە سەرجەم فەرموودەکانی لە سەردەمی خۆیدا نە نوسراونەتەوە تەنها بۆ ئەوە بووە کە لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا تێکەڵ نەبن.

بەڵام لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (ﷺ) کە زانرا سەرجەم قورئانی پیرۆز نوسراوەتەوە، پاشان دەست کرا بە نوسینەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) تاکو پارێزراوبن لە فەوتان و تیاچون و لەناوچون.

خوای گەورە پاداشتی خێری ئەسحابەکان و تابیعیەکان بداتەوە لەسەر ئەوچاکە مەزنەی کە بۆ ئیسلام و موسوڵمانانیان ئەنجام داوە، کە بەڕاستی ئەوان بون بە مایەی پاراستنی کتێبی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (ﷺ) لە فەوتان و تیاچوون و لەناوچون.

## بەشی دووەم:

## سەرهەڵدانی بیدعە لە ژیانی موسڵماناندا و هۆکارەکانی

ئەمەش دوو بابەت لەخۆ دەگرێت:

### ١ / کاتی سەرهەڵدانی بیدعەکان:

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی: (بزانە سەرجەم بیدعەکان لە بارەی زانستەکان و پەرستنەکانیشدا دەربارەی - قەدەر - و ئەوانەی جگەلەویش لە کۆتایی فەرمانڕەوایی خەلیفە ڕاشیدینەکانەوە دروست بوون، هەر وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێ داوین و فەرمویەتی: ((مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي، فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً فَعَلَيكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الخُلَفاءِ الرّاشِدِينَ مِنْ بَعْدِي)))[٧].

وە یەکەم بیدعە کە داهێنرا لە ئیسلامدا بیدعەی (قەدەر) بوو پاشان بیدعەی (ئیرجاء) پاشان (شیعەگەریتی) پاشان (خەوارج) ، ئەم بیدعانە لە سەدەی دووەمدا داهێنران، هەرچەند صەحابەکان هەندێکیان مابوون و بەرپەرچی ئەمانەیان دایەوە، پاشان بیدعەی (ئیعتزال) داهێنرا و ئاژاوە و فیتنە کەوتە نێوان موسوڵمانانەوە، وە جیاوازی بۆچونەکان پەیدا بوو ،

---

[٧] مجموع الفتاوى : (١٠/٣٥٤) .

هەندێکیان شوێنی ئارەزوو بیدعەکان کەوتن، پاشان بیدعەی (سۆفیگەرێتی) پەیدابوو ، وە دەست کرا بە دروست کردنی بیانایە لە سەر گۆڕەکان و هەڵبەستنیان، وە گرنگیدان بە ڕازاندنەوەی گۆڕستانەکان لە دوای سێ سەد ساڵە چاکەکە، ئا بەم شێوەیە لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا بیدعە و داهێنراوەکان زۆر و هەمە چەشنە بوون.

## ٢ / شوێنی سەرهەڵدانی بیدعەکان:

وڵاتە ئیسلامیەکان جیاوازن لە سەرهەڵدانی بیدعە لەناویاندا.

ئیبن تەیمییە فەرمویەتی: (ئەو وڵاتە گەورانەی کە صەحابەکانیان تێدا ژیاون پێنج وڵاتن، دوو حەرەمەکە [مەککە و مەدینە] و دوو عێراقەکە [بەصرە و کوفە] و شام، وە هەر لەو وڵاتانەشەوە قورئان و حەدیس و زانستە شەرعیەکان و خواپەرستی و بەشەکانی تری ئیسلام سەریان هەڵداوە، وە لەو وڵاتانەوە چەند بیدعەیەکی بنچینەیی سەریان هەڵداوە جگە لە مەدینەی پێغەمبەری پرشنگدار نەبێت، هەروەك چۆن لە کوفەوە (شیعەگەرێتی) و (ئیرجاء) پەیدابوون پاشان پەلیان هاویشت بۆ جێگەکانی تریش، وە لە بەصرەوە (قەدەر) و (ئیعتزال) و (نُسُكْ الفاسِدْ) سەریان هەڵدا، لە (شام)یشەوە (ناصیبەکان) سەریانهەڵدا و قەدەریەکان پەیدابوون، بەڵام

(جەهمیەکان) لە ناوچەی خۆراسانەوە پەیدابوون کە ئەمەشیان خراپترینی بیدعەکان بوو.

بەڕاستی پەیدابونی بیدعەکان بەگوێرەی دوور و نزیکی لە مەڵبەندی پێغەمبەرەوە بوون (ﷺ) کە مەدینەیە، کاتێك ڕوداوی گروپەکان ڕویدا لە دوای کوژرانی (عوسمانی کوڕی عەففان) خوالێی ڕازی بێت، بیدعەی (حەروری)ەکان سەریهەڵدا، بەڵام شاری مەدینەی پرشنگدار پارێزراوبوو لەسەر هەڵدانی ئەم بیدعانە، وە ئەگەر کەسانێکی توشبو بەو بیدعانەشی تێدابوبێت ئەوا سەرشۆڕ و ڕیسوایان دەکردن چونکە کەسانێك لە قەدەریەکان و جگە لەوانیشی تێدا بوو بەڵام ڕیسواو سەرشۆڕبوون، بە پێچەوانەی شیعەگەرێتی و ئیرجائی لە کوفەدا ، وە ئیعتیزال و خواپەرستیە داهێنراوەکان لە (بەصرە)دا ، وە (دژایەتیکردنی أهل البیت) لە (شام)یدا چونکە ئەم بیدعانە تێیانەدا ئاشکرا و بەربڵاوبوون .

وە لە فەرمودەی صەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی مەدینە فەرمویەتی: ((إِنَّ الدَّجالَ لا يَدْخُلُها)) واتە : دەجال ناچێتە ناو مەدینەوە، وە

هەتاکو سەردەمی (ئیمامی مالیك) و هاوڕێکانیشی زانستی شەرعی و ئیمان تێیدا درەوشاوە بووە کە خەڵکی سەدەی چوارەم بووە)[٨].

بەڵام لە سێ سەدە پیرۆزەکەدا ئەوا لە نێو مەدینەی پرشنگداردا هەرگیز هیچ بیدعەیەکی تێدا بەئاشکرا نەبووە، وە بە هیچ شێوەیەك بیدعە لە بنەماکانی دیندا سەری هەڵنەداوە تێیدا ، هەروەکو چۆن لە سەرجەم ناوچەکانی تردا سەری هەڵداوە .

## ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی سەرهەڵدانی بیدعەکان :

بێگومان دەست گرتن بە قورئان و سونەتەوە مایەی ڕزگار بوونە لە بیدعە و گومڕایی، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ١٥٣﴾ [الأنعام].

واتە: ئەمەیە ڕێگای ڕاستی من و ئێوەش شوێنی بکەون و مەچنە سەر ڕێچکەکانی تر، چونکە لە ڕێگای من دوورتان دەخاتەوە و پەرتەوازەتان دەکات ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) ئەم ئایەتەی جوان بۆ ڕون کردوینەتەوە، لەو فەرمودەیەدا کە ئیبن عەباس دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: ((خَطَّ لَنا رَسُولُ اللهِ خَطّاً،

---

[٨] مجموع الفتاوى : (٢٠/٣٠٠ - ٣٠٠٣) .

فَقالَ : هذا سَبيلُ اللهِ، ثُمَّ خَطَّ خُطوطاً عَنْ يَمينِهِ وعَنْ شِمالِهِ، ثُمَّ قالَ : وهذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ على كُلِّ سَبيلٍ مِنْها شَيطانٌ يَدْعوا إلَيهِ ، ثُمَّ تَلا : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾))[٩].

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) هێڵێکی بۆ کێشاین و فەرمووی ئەمە ڕێگای ڕاستی خوایە، وە هەندێك هێڵی تری لەملاولایەوە کێشا و فەرمووی ئەمانەش ڕێچکەکانن، لەسەر هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێك هەیە و بانگەوازی بۆ دەکات، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : (ئەمەیە ڕێگای ڕاستی من و ئێوە هەر بەو ڕێگایەدا بڕۆن و مەچنە سەر ڕێچکەکانی تر، چونکە لە ڕێگای من دوورتان دەخاتەوە کەواتە هەر کەسێك ڕوی وەرچەرخاند لە قورئان و سوننەت و پشتی تێکردن، ئەوا بێ گومان ڕێ هەڵە دەکات و ڕێگاکانی بیدعە و گومڕایی ڕایدەکێشن .

---

[٩] رواه أحمد وابن حبان والحاكم وغيرهم .

**ئەو هۆکارانەش کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی بیدعە لەم چەند لایەنەدا کۆدەبنەوە :**

١ / نەزانینی حوکمە شەرعیەکان.

٢ / شوێنکەوتنی ئارەزووەکان.

٣ / دەمارگیری بۆ کەس و بۆچوونەکانیان.

٤ / خۆچواندن بە بێ باوەڕان و لاسایی کردنەوەیان.

لێرەدا هۆکارەکان کەمێك ڕون دەکەینەوە:

**١ / نەزانینی حوکمە شەرعیەکان:**

لە گەڵ ڕۆیشتنی کاتدا خەڵك زیاتر لە دیاردە ئاینیەکان دوردەکەونەوە، بەمەش زانست کەم دەبێتەوە لەناویاندا و نەزانی گەشەدەکات، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ بَعْدِي فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً))[١٠].

واتە: هەر کەس لە ئێوە لە دوای من ژیا ئەوا دوبەرەکی و ناکۆکی زۆر دەبینێت.

---

[١٠] من حديث رواه أبو داود والترمذي وقال: حديث حسن صحيح .

هەروەها **پێغەمبەر** (ﷺ) فەرمویەتی: ((إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمَاً ، اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسَاً جُهَّالاً فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا))[١١].

واتە: خوای گەورە زانست هەڵناگرێتەوە کە بە شێوەیەك دایماڵێت کە لە دڵی بەندەکانی دەربهێنێت، بەڵکو زانست هەڵدەگرێتەوە بە لە ناوچونی زاناکان ، هەتاکو زانا نەما ئەو کاتە خەڵکی چەندین سەرەنەزان بۆ خۆیان دادەنێن و پرسیاری شەرعیان لێ‌دەکەن و ئەوانیش بەبێ زانیاری فەتوایان بۆ دەدەن ، بەوەش خۆیان و خەڵکیش گومڕا دەکەن .

## ٢ / شوێنکەوتنی ئارەزووەکان:

بەڕاستی هەر کەسێك پشت بکاتە قورئان و سوننەت ئەوا شوێن ئارەزووی دەکەوێت، هەروەك چۆن خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿فَإِن لَّمۡ يَسۡتَجِيبُواْ لَكَ فَٱعۡلَمۡ أَنَّمَا يَتَّبِعُونَ أَهۡوَآءَهُمۡۚ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّنِ ٱتَّبَعَ هَوَىٰهُ بِغَيۡرِ هُدٗى مِّنَ ٱللَّهِۚ ﴿٥٠﴾﴾ [القصص] .

---

[١١] جامع بيان العلم وفضله لابن عبدالبر : (١/١٨٠) .

واتــە: ئەگــەر وەڵامیــان نەدایتــەوە ســا بزانــە کــە ئەوانــە شــوێنی ئارەزووەکانیان کەوتون ، کێش هەیە لەو کەسە گومڕاتر بێت کە شوێنی ئارەزووەکانی کەوتوە بە بێ ڕێنمایی لە خواوە .

هــەروەها فەرمویــەتی: ﴿أَفَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَٰهَهُۥ هَوَىٰهُ وَأَضَلَّهُ ٱللَّهُ عَلَىٰ عِلْمٍ وَخَتَمَ عَلَىٰ سَمْعِهِۦ وَقَلْبِهِۦ وَجَعَلَ عَلَىٰ بَصَرِهِۦ غِشَٰوَةً فَمَن يَهْدِيهِ مِنۢ بَعْدِ ٱللَّهِ ۚ ﴿٢٣﴾﴾ [الجاثية] .

واتە: ئاخۆ تۆ ئەو کەسەت نەدیوە کە ئارەزوی خۆی دەپەرستێت و خـوا ڕێی لێ گۆڕی و گومڕای کرد ـ هەرچەندە زانستیشـی هـەبووە ـ و مۆریشـی داوتە سەر گوێیو دڵی و لێڵاوی خستوتە سەر چاوی، سا کێ هەیە لە پـاش خوا ڕێی نیشان بدات؟

دیارە کە بیدعەش پێکهاتەی شوێن کەوتنی ئارەزوەکانە .

### ٣ / دەمارگیری بۆ کەس و بۆچونەکان:

دەمارگیری بۆ کەسێك یان بۆچونێك دەبێتە بەربەست لە نێـوان مرۆڤــ و شوێنکەوتنی بەڵگەی شەرعی و زانستی ڕاست، خوای گەورەش لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱتَّبِعُوا۟ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ قَالُوا۟ بَلْ نَتَّبِعُ مَآ أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ ءَابَآءَنَآ ۗ ﴿١٧٠﴾﴾ [البقرة] .

واتە : ئەگەر بەوانە بڵێی : شوێنی ئەوە بکەوتن کە لە خوا ناردوویەتی ئەڵێن نەخێر بەڵکو ئێمە شوێنی ئەوە دەکەوین کە

باوباپیرمانی خۆمانمان لەسەر بینیوە .

ئێستاش بە هەمان شێوە کەسانێك هەن وا دەڵێن ، لەوانەش هەندێك شوێنکەوتەی مەزهەبەکان ، سۆفیەکان و قەبرپەرستەکان، ئەگەر بانگەشە بکرێن بۆ شوێنکەوتنی قورئان و سوننەت یا بۆچوونێکی جیاواز لە بۆچوونی مەزهەبەکانی خۆیان، یەکسەر بەڵگە دەهێننەوە بە مەزهەبەکانیان یان بە شێوەی باووباپیریان.

## ٤ / خۆ چواندن بە بێ باوەڕان:

زۆرترین هۆکارەکانی کەوتنە ناو بیدعەکان، بە هۆی خۆچواندنە بەبێ باوەڕەکانەوە، هەر وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) لەو فەرموودەیەی کە (ئەبو واقیدی لەیسی) بۆی گێڕاوینەتەوە دەفەرموێت: ((أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمَّا خَرَجَ إِلَى خَيْبَرَ مَرَّ بِشَجَرَةٍ لِلْمُشْرِكِينَ يُقَالُ لَهَا ذَاتُ أَنْوَاطٍ يُعَلِّقُونَ عَلَيْهَا أَسْلِحَتَهُمْ، فَقَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْ لَنَا ذَاتَ أَنْوَاطٍ كَمَا لَهُمْ ذَاتُ أَنْوَاطٍ ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) : سُبْحَانَ

اللَّهِ هَذَا كَمَا قَالَ قَوْمُ مُوسَى: ﴿قَالُوا۟ يَـٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَـٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ ﴿١٣٨﴾
﴾ [الأعراف]، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتَرْكَبُنَّ سُنَّةَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ))[١٢].

واتە: کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) دەرچو بۆ خەیبەر، بەلای درەختێکدا تێپەڕی کە تایبەت بوو بە هاوەڵپەیداکەرەکانەوە پێیان دەوت (ذات أنواط) کە ئەوان چەکەکانیان پیادا هەڵدەواسی، کە صەحابەکان ئەمەیان بینی - ئەوانەیان کە تازە موسوڵمان ببون - وتیان ئەی پێغەمبەری خوا تۆش (ذات أنواط)یکمان بۆ دیاری بکە وەك چۆن ئەوان (ذات أنواط)یان هەیە، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) بە سەر سوڕمانەوە فەرمووی: پاکی و بێ گەردی بۆ خوا! هەمان ئەو وتەیەتان گوت کە قەومەکەی موسا بە موسایان گوت (وتیان: ئەی موسا! پەرستراوێکمان وەکو پەرستراوەکانی ئەوان بۆ دیاری بکە! ئەویش وتی: ئێوە خەڵکانێکی هیچ نەزانن) ، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە ئێوەش شوێنی ڕێڕەوی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون .

کەواتە لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆچواندن بە بێ باوەڕان وای لە بەنی ئیسرائیل و ئەو صەحابانەش کرد کە ئەو داوا کاریە نابەجێیە بکەن لە پێغەمبەرەکانیان، ئەو داواکاریەش ئەوە بوو کە

---

[١٢] رواه الترمذي وصححه .

خوایەکیان بۆ دەستنیشان بکەن کە بیپەرستن و داوای بەرەکەتی لێ بکەن جگە لە اللە.

ئەم خۆچواندنە لەم ڕۆژگارەشماندا بە هەمان شێوە هەیە، چونکە زۆربەی موسوڵمانان لاسایی بێباوەڕەکان دەکەنەوە لە کار و کردەوەکانیاندا، ئەگەر بیدعە کردن بێت یان هاوەڵدانانیش بێت بۆ خوا.

وەکو زیندووکردنەوەی یادی مەولود و دیاری کردنی چەند ڕۆژێك لە هەفتەدا بە هەندێك پەرستنی تایبەتیەوە، وە ئاهەنگ گێڕان بە هەندێك بۆنەی ئاینیەوە کە لە شەرعدا نەهاتوون، وە دروست کردنی بت و پەیکەر بۆ یادەوەری، وە تەعزێ و پرسەدانان بە شێوەی ناشەرعی ، وە چەندین بیدعە و داهێنراوی تریش لە شێوازی مردوناشتن و ژوور دروست کردن لەسەر قەبران و زۆر شتی تریش جگە لەمانە.

## بەشی سێیەم:

هەڵوێستی ئوممەتی ئیسلام بەرامبەر بە بیدعەچییەکان و مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە لە چۆنێتی بەرپەرچدانەوەیان:

## مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە بەرامبەر بیدعەچییەکان:

بە بەردەوامی ئەهلی سوننە و جەماعە بەرەنگاری بیدعەچیەکان بونەتەوە و بەرپەرچیانداونەتەوە و ئینکاریان لە بیدعەکانیان کردووە، ئەمەش چەند نموونەیەکن:

١ ـ عَنْ أُمِّ الدرداءَ قالَتْ : (دَخَلَ عَلَيَّ أَبو الدرداءِ وهوَ مُغْضِبْ، فَقُلْتُ: ما أَغْضَبَكَ؟ فَقالَ: واللهِ ما أَعْرِفُ مِنْ أُمّةَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) شَيئاً، إلاَّ أَنَّهُمْ يُصَلُّونَ جَمِيعاً)[١٣].

واتە: لە (دایکی دەرداء)ەوە فەرموویەتی: باوکی دەرداء بە تورەییەوە هاتەماڵەوە منیش گوتم ئەوە چی وا تورەی کردویت؟ فەرمووی بە خوا هیچ شتێك لەم ئۆمەتی موحەممەدە (ﷺ) نابینم وەکو خۆی مابێت تەنها ئەوە نەبێت کە بە جەماعەت نوێژ دەکەن).

---

[١٣] رواه البخاري .

٢ ـ له (عەمری کوڕی یەحیا)وە فەرموویەتی (گوێم لـه بـاوکم بـوو باسـی باوکی خۆی دەکرد و دەیگوت : ئێمه لەبـەر دەرگـای مـاڵی عەبـدوڵای کـوڕی مەسعود دادەنیشتین له پێش نوێژی بەیانی، جا که له مـاڵ دەهاتـه دەرەوە بـه پیـادە لـه گـەڵیان دەڕۆیشـتین بـۆ مزگـەوت، لـەو کاتـەدا (ئـەبو موسـای ئەشعەری) هاته لامان و فەرمووی : ئەبو عەبـدولڕەحمان (کـه کونیـەی ئـیبن مەسعود بوو) هاتۆته دەرەوە؟ وتمان نەخێر، ئەویش لامان دانیشـت هـەتاکو ئیبن مەسعود هاته دەرەوە ، جـا کاتێـك هاتـەدەرەوە هـەمومان هەسـتاین و ئەبو موسای ئەشعەری به ئـیبن مەسـعودی وت بـاوکی عەبـدولڕەحمان پـێش ئیستا له مزگەوت کارێکم بـینی بـه باشـم نـەزانی، وە سـوپاس بـۆ خـوا واش دەزانم هیچم نەبینیوە ئیللا خێر نەبێت ، فەرموی ئەو کـارە چـی بـوو؟ ئـەبو موسای ئەشعەری فەرموی ئەگەر نەمریت دەیبینیت، ئـەنجا وتـی خـەڵکانێکم بینی له مزگەوت بازنـەیی دانیشـتبوون چاوەڕوانی نوێـژیان دەکـرد، لـه هـەر بازنەیەکدا پیـاوێکی تێدایـه و هـەموویان (بـەردیان) بەدەسـتەوەیە و پێیـان دەڵێـت: سـەد جـار بڵـێن (اللهُ أَكْبَرَ)، ئـەوانیش سـەد جـار (اللهُ أَكْبَرَ) دەڵـێن ، پاشـان دەیگـوت سـەدجار بڵـێن (لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ) ئـەوانیش دەیـانوت، پاشـان دەیگوت سەدجار بڵێن (سُبْحَانَ اللهِ) ئـەوانیش دەیـانوت ، ئـیبن مەسـعود بـه ئەبو موسای ئەشـعەری فـەرموو : ئـەی بـۆ فـەرمانت پـێنـەکردن بـەوەی کـه

خراپەکانی خۆیان بژمێرن و منیش ئەوە بگرمەئەستۆ کە هیچ لە چاکەکانیان نەفەوتێت لای خوا ، پاشان ڕۆیشت بەرەو مزگەوت و ئێمەش لەگەڵیدا ڕۆیشتین ، تاوەکو ڕۆیشتە لای یەکێك لەو بازنانە و لایان ڕاوەستا ئەنجا پێیانی فەرموو : ئا ئەمە چییە دەتانبینم دەیکەن؟ وتیان باوکی عەبدولڕەحمان ئەمە دەنکە چەوە (وردە بەردە) (تەکبیر و تەهلیلە و تەسبیح و تەحمید)ی پێ دەژمێرین، ئەویش فەرمووی : دەسا خراپەکانتان بژمێرن من بەڵێنتان دەدەمێ کە هیچ لە چاکەکانتان ون نابێت ، واوەیلا بۆ ئێوە ئەی ئوممەتی موحەممەد! ئەوە چ زوو لەناوچوون ! خۆ ئەوەتا هێشتا صەحابەکانی لە نێوتاندا زۆرن و ئەوەش جلەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) هێشتا نەڕزیون ، ئەوەش و قاپ و قاچاغەکانیەتی هێشتا نەشکاون و لە ناو نەچوون، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە یان ئێوە لەسەر ڕێگاو ڕێبازێکن کە ڕێنماییکارەترە لە ڕێگا و ڕێبازەکەی موحەممەد یان دەرگای گومڕایی دەکەنەوە؟! وتیان سوێند بە خوا ئەی باوکی عەبدولڕەحمان مەبەستمان هیچ نییە تەنها خێر و چاکە نەبێت ، ئەویش وتی : ئەی نازانن چەندین کەس هەیە مەبەستی خێرە بەڵام ناییپێکێت ! پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین: کۆمەڵێك قورئان دەخوێنن کە چی لە گەروویان تێناپەڕێت، بەو خوایە دوور نییە زۆرێك لە ئێوە لەوانە نەبن، ئەنجا ڕۆیشت و پشتی تێکردن

، (عەمری کوڕی سەلەمە) وتی: لە ڕۆژی (نەهرەواندا) تێکڕای ئەوانەمان بینی لەگەڵ خەواریجەکاندا تیر و ڕمیان لێدەداین[١٤].

٣ ـ پیاوێك هات بۆ لای پێشەوا (مالیکی کوڕی ئەنەس) ڕەحمەتی خوای بێت و وتی دەچم بۆ حەج لە کوێوە ئیحرام ببەستم ؟ ئەویش فەرمووی : لەو جێگەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) دیاری کردووە ئیحرام ببەستە، کابراش وتی: ئەگەر لە دورترەوە ئیحرام ببەستم چی دەبێت؟ ئیمامی مالیك فەرموی: ئەوەم پێ باش نییە، کابرا وتی: بۆ پێت باش نییە؟ ئیمام فەرمووی: دەترسم توشی فیتنە ببیت، کابرا وتی: جا چ فیتنەیەك هەیە لە زیاد کردنی چاکەدا ؟ ئیمامی مالیك فەرموی: بەڕاستی خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣﴾ [النور] .

واتە: با ئەوانەی کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر دەکەن وریای ئەوە بن کە بەڵایەکیان بەسەردا بێت یان بەر سزایەکی سەخت بکەون ، ئایە چ

---

(١٤) رواه الترمذي .

فیتنەیەك گەورەترە لەوەی کە تۆ خۆت تایبەتمەند بکەیت بە چاکەیەك کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردبێت؟[١٥]

ئەمانە تەنها چەند نمونەیەك بوون، بەڵام بەردەوام لە هەموو سەردەمێکدا زانایان بەرهەڵستیان کردووە لە بیدعە و شتە داهێنراوەکان لە دیندا ، سوپاس بۆ خوای گەورە.

## مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە

## لە بەرپەرچدانەوەی بیدعەچییەکان

مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە لەم بارەیەوە بنیاتنراوە لەسەر قورئان و سونەت، ئەمەش مەنهەجێکی قایلکەر و بیانو بڕە، بە شێوەیەك کە گومانەکانی بیدعەچییەکان دەهێننەوە و ئەنجا هەڵیاندەوەشێننەوە ، وە قورئان وسوننەت دەکەن بە بەڵگە لەسەر واجب بوونی دەستگرتن بە سونەتەکان و قەدەغەکردنی بیدعە و داهێنراوەکان ، لەم بارەیەشەوە کتێبی زۆریان داناوە ، وە لە کتێبەکانی بیروباوەڕیشدا بەرپەرچی (شیعە) و (خەوارج) و(جەهمیە) و (موعتەزیلە) و (ئەشعەریەکان)یان داوەتەوە سەبارەت بە بۆچوونە داهێنراوەکانیان لە بنەماکانی ئیمان و بیروباوەڕدا ،

(١٥) ذكره أبوشامة في كتاب الباعث الحثيث على انكار البدع والحوادث نقلا عن أبي بكر الخلال ص : (١٤) .

وە کتێبـی تایبەتیشیان لەم بارەیە داناوە وەکو کتێبەکەی ئیمامی ئەحمەدی کـوڕی حەنبـەل (الرد على الجهمية / بەرپەرچدانەوەی جەهەمیـەکان) و جگـە لەویش ئیمامەکانی تر کتێبیـان دانـاوە بـۆ بەرپـەرچـدانەوەی بیدعەچییەکان وەکـو (عوسمـانی کـوڕی سـەعیدی دارمـی) و کتێبـەکانی (ئـیبن تـەیمییـە) و قوتابییەکەی (ابن القيم) وە (شـێخ محەمـەدی کـوڕی عەبـدولوەهاب) و جگـە لەوانیش بەرپـەرچی ئەو کۆمەڵانەیان داوەتەوە، هەروەها بەربەرچی (سۆفی) و (قەبرپەرستەکان)یشـیان داوەتـەوە بـەڵام ئـەو کتێبانـەی کـە بەتایبـەتی بەرپەرچی بیدعەچییەکانیان داوەتـــەوە

زۆرن لەوانەش :

| | | |
|---|---|---|
| ١- | كتاب الاعتصام | للإمام الشاطبي |
| ٢- | اقتضاء الصراط المستقيم | لشيخ الإسلام ابن تيمية |
| ٣- | إنكار الحوادث والبدع | لابن الوضاح |
| ٤- | الحوادث والبدع | للطرطوشي |
| ٥- | الباعث على إنكار البدع والحوادث | لأبي شامة |

| | | |
|---|---|---|
| ٦- | منهاج السنة النبوية في الرد على الرافضة والقدرية | لابن التيمية |
| وە لە کتێبە نوێیەکانیش | | |
| ١- | الإبداع في مضار الابداع | للشيخ علي محفوض |
| ٢- | السنن والمبتدعات المتعلقة بالأذكار والصلوات | لمحمد بن أحمد الشقيري الحوامدي |
| ٣- | التحذير من البدع | للشيخ عبدالعزيز بن باز |

وە هەتاکو ئەمڕۆش زانایانی موسوڵمانان ـ سوپاس بۆ خوا ـ بەرپەرچی بیدعەچییەکان دەدەنەوە لە ڕێگای ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و وتاری هەینی و کۆڕوکۆبونەوەکان کە کاریگەریەکی زۆریان هەیە بۆ بێدارکردنەوەی موسوڵمانان و سەرکەوتن بەسەر بیدعەکان و لە ناوبردنی بیدعەچییەکان.

## به‌شی چواره‌م :

## چه‌ند نمونه‌یه‌ك له‌ بیدعه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ :

بیدعه‌ سه‌رده‌میه‌كان زۆرن و زیادیان كردووه‌ ئه‌ویش به‌ پێی دورکه‌وتنه‌وه‌ی كات له‌ سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و كه‌م بونه‌وه‌ی زانیاری شه‌رعی و زۆربوونی بانگه‌وازكارانی بیدعه‌ و لادانه‌كان و خۆچواندن به‌ بێ باوه‌ڕه‌كان له‌ هه‌ڵسوكه‌وت و بۆنه‌ دینیه‌كانیان، ئه‌مه‌ش به‌ڕاست خستنه‌وه‌ی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌رمانه‌ (ﷺ) كه‌ ده‌فه‌رموێت: ((لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ مَنْ كانَ قَبْلَكُمْ))[١٦].

واته‌: به‌ڕاستی له‌ داهاتودا شوێن ڕێچكه‌ی ئۆمه‌ته‌كانی پێش خۆتان ده‌كه‌ون.

له‌و بیدعانه‌ش:

١ ـ ئاهه‌نگی یادی له‌دایك بوونی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ).

٢ ـ به‌ره‌كه‌ت خواستن له‌ جێگه‌ و شوێنه‌وار و مردووه‌كان و هاوشێوه‌كانیان .

٣ ـ داهێنراوه‌كان له‌ بواری خواپه‌رستی و نزیك بوونه‌وه‌ له‌ خوا.

---

[١٦] رواه الترمذي .

## ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە مانگی ڕەبیعی یەکەمدا :

ئەمەش خۆچواندنە بە گاورەکان کە هەندێك موسڵمانی نەزان یان زانای گومڕاکەر هەموو ساڵێك لە مانگی ڕەبیعی یەکەمدا پێی هەڵدەسن ، هەیانە لە مزگەوتەکاندا ئاهەنگ دەگێڕن یان لە ماڵەکانیان یان لە هۆڵی تایبەت بەوە، وە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ئاسایی و سادە ئامادەی دەبن، ئەم ئاهەنگ گێڕانەش دەکەن بە خۆشوبهاندنە گاورەکان کە یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر (عیسا)یان (عليه السلام) داهێناوە، ئەم جۆرە ئاهەنگانەش زۆربەی جار جگە لەوەی کە بیدعەن و خۆچواندنن بە بێ باوەڕانەوە بەدەرنین لە هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە و لە کاری نابەجێ، وەکو داڕشتن و خوێندنەوەی ئەو هۆنراوانەی کە زیادەڕەوی تێدایە لە وەسفی پێغەمبەردا (ﷺ) تا ئاستی هاوارتێکردن و لێپاڕانەوە و داوای فریاکەوتن لێی جگە لە خوای گەورە، هەرچەندە پێغەمبەر (ﷺ) نەهی کردووە لە زیادەڕەوی کردن لە مەدح کردن و پیاهەڵدانیدا وەکو دەفەرموێت: ((لاَ تُطْرُونِي كَمَا أَطْرَتِ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدٌ ، فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ))[١٧].

---

[١٧] رواه الشيخان .

واتـە: زیـادەڕەوی مەكـەن لـە وەسـفكردنمدا هـەروەك چـۆن گاورەكـان زیادەڕەوییان كرد لە كوڕەكەی مەریەمدا، من بەندەیـەكم، ئێـوەش پـێم بڵـێن بەندە و نێردراوی خوا .

(الإطراء) واتە زیـادەڕەوی لـە مـەدح كردنـدا، وە هەنـدێك جـار وا گومـان دەبـەن كـە پێغەمبـەر (ﷺ) خـۆی ئامـادەی ئاهەنگـەكانیان دەبێـت، وە لـە خراپەكانی تری ئەوەیە كـە زۆر جـار ئاهەنگـەكانیان گـۆرانی و ئـاواز و دەف لـێدانی تێدایـە، وە جگـە لەمانـەش لـە زیكـرە داهێنراوەكـانی سـۆفیەكانی تێدایە، وە ڕەنگە ژنان و پیاوانیش تێكەڵ بن لە ئاهەنگەكانیاندا كـە ئەمـەش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی فیتنـە و ئاشـوب و سەردەكێشـێت بـۆ خراپـەكاری بەدڕەوشتی، وە تەنانەت ئەگـەر ئـەم نافەرمانیانەیشـی تێـدا نـەبێت و تـەنها كورتهەڵهاتبێت لەسەر كۆبونەوە و نان خواردن و دەرخستنی شـادی ـ وەكـو خۆیان دەڵێن ـ ئەوا هەر بیدعەیە و داهێنراوە و ((كُلَّ مُحدَثَةٍ بِدعةٌ، وَكُلَّ بِيدعَةٍ ضَلالَةٌ))، واتە: هەموو تازە گەریەك لە دیندا بیدعەیـە و هـەموو بیدعەیـەكیش گومڕاییە.

هـەروەها ئـەو جـۆرە ئاهەنگانـە هۆكـارن بـۆ زیـاتر تەشـەنەكردن و ئـەو خراپانەی تێدا ڕوودەدات كە لە ئاهەنگەكانی تردا ڕوودەدەن.

وتمان ئەم ئاهەنگە بیدعەیە چونکە هیچ بنەمایەکی نییە لە قورئان و لە سونەت و لە کرداری پێشینە چاکەکان لە سێ سەدە چاکەکەدا، بەڵکو ئەم یادی مەولودە لەو دوایانەدا لە سەدەی چوارەمدا داهێنرا لە لایەن فاتمیەکانەوە کە شیعە بوون.

پێشەوا (ئەبو حەفصە تاجەدینی فاکەهانی) دەفەرموێت: (پاشان، بەڕاستی زۆر پرسیار دەکرێت لە لایەن کۆمەڵێك لە کەسانی چاکەوە دەربارەی ئەو کەسانەی کە ئاهەنگ دەگێڕن لە مانگی ڕەبیعی یەکەمدا ناوی دەنێن مەولود، ئایا ئەمە بنەمایەکی هەیە لە ئاینی ئیسلامدا؟ مەبەستیشیان لەوە وەڵامێکی ڕون و ئاشکرایە :

منیش پشت بە خوای گەورە دەڵێم: وانازانم ئەم مەولودە هیچ بنەمایەکی هەبێت نە لەقورئان و نە لەسوننەتیشدا، وە ئەنجامدانیشی باسنەکراوە بۆمان و پێمان نەگەیشتووە لە زانایانی ئوممەتەوە ئەوانەی کە پێشەوان لە دیندا و ئەوانەی کە لەسەر ڕێڕەوی پێشینەکان دەڕۆن، بەڵکو ئەمە بیدعەیەکە کۆمەڵێکی بێ ئیش و کار دایانهێناوە و هەندێکی نەوسن و چڵێس پەرەیان پێداوە)[١٨].

---

[١٨] رسالة المورد في عمل المولد .

هەروەها (شیخ الإسلام ابن تیمیة) فەرموویەتی: (هەروەها ئەوەی کە هەندێك لە خەڵك دایانهێناوە یان بە هۆی لاسایی کردنەوەی گاورەکانەوە کە یادی لەدایك بوونی (عیسی علیه السلام) دەکەنەوە، وە یان لەبەر خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و بەگەورە دانانیەوە لەوەدا کە لە دایك بونی پێغەمبەریان (ﷺ) کردووە بە جەژن و ئاهەنگی تێدا دەگێڕن هەرچەندە زانایان جیاوازیشن لە دەست نیشان کردنی ڕۆژی لە دایك بونەکەیدا، بەڕاستی سەلەف ئەمەیان نەکردووە، وە ئەگەر ـ یادی مەولود ـ خێر و چاکەیەکی تەواو یان لارەسەنگی تێدا بوایە ئەوا سەلەف لەپێشتر و شایستەتر بوون لە ئێمە بۆ ئەنجامدانی، چونکە ئەوان لە ئێمە زیاتر خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بووە و لە ئێمەش زیاتر بەگەورەیان داناوە و لە ئێمەش سوورتر و گورجوگۆڵتر بوون بۆ ئەنجامدانی کاری خێر.

وە بەڕاستی خۆشەویستی و بە گەورەدانانی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها بە شوێنکەوتنی و گوێڕایەڵی کردنی دەبێت، بە شوێنکەوتنی فەرمانەکانی و بە زیندوکردنەوەی سونەتەکانی دەبێت لە ڕواڵەت و ناخیشدا، وە بڵاوکردنەوەی ئەو دینەی دەبێت کە بۆی هێناوین، وە تێکۆشان لە پێناو ئەوەدا بە دڵ و بە دەست و بە زوبان، چونکە ئەمە ڕێگا و ڕێبازی پێشینانی سەرەتا بووە لە

كۆچـەران و پشـتیوانان و ئەوانـەش كـە بـە چـاكە شـوێنكەوتەی ئـەوان بوون)[١٩].

بەڕاستی كتێب و نامیلكەی زۆر دانـراون و نوسـراون بـۆ بەرهەڵسـتی ئـەم بیدعەیـە لـە كـۆن و نوێـدا، ئەمـەش سـەرەڕای ئـەوەی كـە بیدعەیـە و خۆشوبهاندنە بە گاورەكان سەردەكێشێت بۆ دامەزراندنی یادی لە دایك بـونی كەسانی تریش وەكو پیاوچاكان و مشـایەخەكان و سـەركردەكان و چـەندین دەرگای شەڕ و خراپەمان لێ دەكاتەوە.

## بەرەكەت خواستن لە جێگە و شوێنەوار و شەخسەكان زیندوو بن یان مردوو

(تەبەڕوك) : واتە : بەرەكەت خواستن، ئەویش بریتـی‌یـە لـە جێگیربـوونی خێر و فەڕ و زیادبوونی لە شتێكدا، وە خواستنی جێگیربـوونی خێـر و فـەڕ و زیادبوونی تەنها لـەو كەسـە دەبێـت كـە ئـەوەی هـەبێت و توانـای بەسـەریدا هەبێت كە ئەویش تەنها خوای گەورەیە چونكە تەنها ئەوە بتوانێت بەرەكـەت دابەزێنێت و جێگیری بكات، بەڵام دروستكراو ئەوا توانای بەخشینی بەرەكەت و بەدیهێنانی نی‌یە، وە ناشتوانێت ببێتە هۆی هێشتنەوەی و جێگیربوونی.

---

(١٩) إقتضاء الصراط المستقيم : (٢/٦١٥) بتحقيق الدكتور ناصر العقل .

بۆیە بەرەکەت خواستن  لە جێگە و پاشماوە (شوێنەوار) و شەخص و کەسەکان زیندوو بن یان مردوو دروست نییە، چونکە یان دەبێتە شیرك و هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە ئەگەر باوەڕی وابێ کە ئەو شتانە بەرەکەت دەبەخشن، یان دەبێتە ڕێگا و هۆیەك بۆ شیرك و هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە ئەگەر گومانی وابێت کە زیارەت کردن و دەستلێدان و دەست پێداهێنانی ئەوشتانە هۆکارێکە بۆ دەستکەوتنی

بەرەکەت لە خواوە.

بەڵام ئەوەی کە صەحابەکان کردویانە لە بەرەکەت خواستن بە مووی پێغەمبەر (ﷺ) و یان بە لیکی یان بە شتێکی تر لە لەشی موبارەکی بووەتەوە ئەوا ئەوە تەنها تایبەتە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) لە کاتی ژیانی خۆیدا، بەڵگەیشمان ئەوەیە کە صەحابەکان لە دوای مردنی پێغەمبەر (ﷺ) بەرەکەتخوازیان نەدەکرد بە ماڵ و قەبرەکەی، وە بەتایبەتیش نەدەڕۆیشتن بۆ ئەو شوێن و جێگانەش کە پێغەمبەر (ﷺ) تێیاندا نوێژی کردبێت یان تێیاندا دانیشتبێت بە بەمەبەستی بەرەکەت خواستن لێیان، هەروەها جێشوێن و مەزاری پیاوچاکان لە پێشتر، وە صەحابەکان بەرەکەتیان نەدەخواست لە کەسانی پیاوچاکی وەکو ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی

خەتتاب و جگە لەوانیش لە باشترینی صەحابەکان، نە لە ژیانیاندا و نە لە پاش مردنیشیان.

وە نەشدەچون بۆ ئەشکەوتی (حەڕاء) بۆ نوێژ و پاڕانەوە و دوعاکردن تێیدا، وە نەشدەچون بۆ کێوی (طور) ـ کە خوای گەورە لەوێدا قسەی لەگەڵ پێغەمبەر موسادا کردووە (سەلامی خوای لێبێت) ـ بۆ نوێژ و پاڕانەوە و دوعاکردن تێیدا، وە نەشدەچون بۆ هیچ شوێنێکی تر جگە لەمانەش لەو شاخانەی کە دەوترێت جێ‌شوێنی پێغەمبەران و جگە لەوانیشی تێدایە، وە نەشدەچون بۆ هیچ مەرقەد و مەزارێکی بنیاتنراو لەسەر پاشماوەی پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران، هەروەها تەنانەت ئەو شوێنەش کە پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینەدا بە بەردەوامی نوێژی تێدا کردووە هیچ یەکێك لە سەلەف دەستی لێ‌نەداوە و ماچی نەکردووە، هەروەها ئەو شوێنەش کە لە مەککە و جگە لەوێیش نوێژی تێدا کردووە .

جا ئەگەر ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر (ﷺ) قاچە پیرۆزەکانی خستوەتەسەری و نوێژی بەسەریەوە کردووە دروست نەبێت بۆ ئۆممەتەکەی دەستی پێدا بهێنن و ماچی بکەن ئیتر چۆن بۆ شوێنێکی تر دروست دەبێت کەوا دەوترێت کەسێکی تر جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی تێدا کردووە یان بەسەریەوە خەوتووە؟! کەواتە ماچ کردنی شتێك لەوانە و دەستپێداهێنانیان

سەرجەم زانایان بە زەرورەت لە دینی ئیسلامدا زانیویانە کەوا ئەمە لە شەریعەتی پێغەمبەردا (ﷺ) نییە[٢٠].

## داهێنراوەکان لە بواری خواپەرستی و نزیك بوونەوە لە خوا

ئەو بیدعانەی کە داهێنراون لە بواری خواپەرستیدا لەم سەردەمەماندا زۆرن، لەبەر ئەوەی کە بنەوا لە خواپەرستیەکاندا ڕاوەستانە لەسەر دەقی شەرعی ئەوا نابێت هیچ جۆرە خواپەرستییەك ئەنجامبدرێت ئیللا بە بەڵگەوە نەبێت، وە هەر خواپەرستیەك بەڵگەی لەسەر نەبێت ئەوە بیدعەیە لەبەر فەرمودەکەی پێغەمبەر (ﷺ): ((مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيسَ عَلَيهِ أَمرُنا فَهوَ رَدٌّ)).

واتە: هەرکەسێك هەر کردەوەیەك ئەنجامبدات کە فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێت ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەتدەکرێتەوە و قەبوڵ ناکرێت .

وە ئەو بیدعانەی کە ئێستا لەم سەردەمەدا لە پەرستنەکاندا دەکرێن زۆرن لەوانە (نیەت هێنان بە زمان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە نوێژدا بەوەی کە دەڵێت: نیەتمە نوێژی ئەوە و ئەوە ... دەکەم بۆ خوای گەورە، ئەمەش بیدعەیە چونکە لە سوننەتی پێغەمبەردا (ﷺ) نییە، وە لەبەر ئەوەی خوای

(٢٠) انظر إقتضاء الصراط المستقيم : (٢/٧٩٥ ـ ٨٠٢) تحقيق الدكتور ناصر العقل.

گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمْ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿١٦﴾ ﴾ [الحجرات] .

واتە: بلّێ : ئایا ئەتانەوێ خوا ئاگادار بکەنەوە لەو دینداریيەی کە دەیکەن ؟ کەچی خوا ئاگادارە لە هەموو ئەو شتانەی لە ئاسمانەکان و زویدایە، وە خوا زانایە بە هەموو شتێك.

وە جێی نیەت لە دلّدایە و نیەت کرداری دلّە نەك کرداری زمان .

هەروەها زیکر و تەسبیحاتی بە کۆمەڵ لە دوای نوێژەکان: چونکە شەرعی ئەوەیە کەوا هەموو کەسێك ئەو زیکر و ویردانەی کە لە شەرعدا هاتوون هەرکەس بۆ خۆی بە تەنها بخوێنێت نەك بە کۆمەڵ.

هەروەها داخوازی خوێندنی فاتیحە لە بۆنەکان و دوای دوعاکردن و بۆ مردووەکان.

هەروەها تەعزێ دانان بۆ مردوو و خواردن دروست کردن و بەکرێ گرتنی قورئان خوێنەکان بۆی، بە گومانی ئەوەی کە ئەم شتانە بەشێکن لە تەعزێی شەرعی ، یان ئەو کارانە سود بە مردووەکە دەگەیەنێت، ئەمانەش

هەمویان بیدعەن و هیچ ئەصل و بنەوایەکیان نیە لە ئایندا ، وە کۆت و زنجیرن کە خوای گەورە هیچ بەڵگەیەکی دانەبەزاندووە لەسەریان.

وە لەوانەش : ئاهەنگ گێڕان بۆ یادی بۆنە ئاینیەکان ، وەکو یادی ئیسرا و میعراج و یادی کۆچ کردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککەوە بۆ مەدینە، ئەو ئاهەنگانەی کە بەو بۆنانەوە دەگێڕین هیچ بنەمایەکیان نیە لە شەرعدا.

وە لەوانەش ئەوانەی کە لە مانگی ڕەجەبدا ئەنجامدەدرێن : وەکو چون بۆ عومرەی ڕەجەبی لە مانگی ڕەجەبدا ، هەروەها ئەوەی کە تێیدا ئەنجامدەدرێت لە چەند پەرستنێکی تایبەت بە ڕەجەبەوە وەك کردنی نوێژ و ڕۆژوی زیاد لە فەرزەکان .

چونکە مانگی ڕەجەب هیچ تایبەتمەندیەکی نیە بەسەر مانگەکانی ترەوە نە لە عومرە و نوێژ و ڕۆژوو و سەربڕین بە مەبەستی عیبادەت تێیدا و جگە لەمانەش.

وە لەو بیدعانەش : زیکر و ویردە داهێنراوەکانی صوفیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە : هەموویان بیدعەن و داهێنراون چونکە پێچەوانەن بۆ زیکرە شەرعیەکان لە بڕگە و شێوازی وتنەکەی و کاتەکانیدا.

وە لەو بیدعانەش : تایبەت کردنی شەوی (١٥) پانزەی مانگی شەعبان بە هەستان بۆ شەونوێژ و ڕۆژەکەیشی بۆ بەڕۆژوبوون، چونکە هیچ شتێکی تایبەت لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاووە لەو بارەیەوە.

وە لەو بیدعانەش : قەبر هەڵواسین و بیناکردنی ژور و کەپر لەسەری، یان کردنی قەبر بە مزگەوت ، وە زیارەت کردنی بۆ بەرەکەت خواستن لـێی، وە پاڕانەوە لە خوا بە خاتری مردوو، وە جگە لەمانەش لە مەبەستە شیرکیەکان، وە سەردانی زۆر و بەردەوامی ئافرەتان بۆ سەرقەبران لە کاتێکدا کە پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) لەعنەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە بە زۆری سەردانی گۆڕستان دەکەن ، وە دروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕ و چرا داگیرسان لەسەری .

# کۆتایی

لە کۆتاییدا دەڵێم: بەڕاستی بیدعە و شت داهێنان گەیەنەرە بە کوفر و بێ باوەڕی، ئەویش زیادکردنی شتێکی دینی‌یە کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دایان نەناوە، وە بیدعە زۆر خراپترە لە سەرپێچی و تاوانی گەورە، وە شەیتانیش بە بیدعە زیاتر دڵخۆش دەبێت تا تاوانە گەورەکان، چونکە تاوانکار کە تاوان ئەنجام دەدات خۆی دەزانێت تاوانی ئەنجام داوە و لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان پەشیمان بێتەوە و تەوبەی لێ بکات، بەڵام بیدعەچی کە بیدعە ئەنجام دەدات ئەو کارە داهێنراوە بە دین دەزانێت و باوەڕی وایە کە بەشێکە لە دین و پێی نزیك دەبێتەوە لە خوا بۆیە تەوبە لێ‌ناکات.

وە بیدعەکان سوننەتەکان لە ناودەبەن ، وە بیدعە وا دەکات لە بیدعەچییەکان کەوا ڕقیان بێت لە ئەنجامدانی سوننەتەکان و ئەهلی سوننە، وە بیدعە مرۆڤ لە خوای گەورە دوور دەخاتەوە، وە دەبێتە مایەی تووڕەیی و سزای خوای گەورە، وە دەبێتە هۆی لاڕێ‌بوونی دڵەکان لەسەر ڕێگای ڕاست و گەندەڵ بوونیان.

## چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن

## لەگەڵ بیدعەچییەکاندا :

سەردان و لەگەڵ دانیشتنی بیدعەچییەکان حەرامە مەگەر بە نیازی نەصیحەت و ئامۆژگاری و ئینکاری لەسەر کردنی نەبێت، چونکە تێکەڵاوی بیدعەچییەکان کاریگەری خراپی هەیە لەسەر دەوروبەرەکەی و دەردەکەی بڵاودەبێتەوە بۆ جگە لە خۆی، وە پێویستە خەڵکیان لێ ئاگادار بکرێتەوە لە خۆیان و لە خراپەکانیان ئەگەر نەتوانرا دەستیان بگیرێت و ڕێگریان لێبکرێت لە بیدعە ئەنجامدان، ئەگینا پێویستە لەسەر زانایانی موسڵمانان و کاربەدەستانیان ڕێگری بکەن لە بیدعە و بەرەنگاری بیدعەچییەکان ببنەوە و سەرزنشتیان بکەن لەسەر زیانەکانیان، چونکە مەترسیان توندە لەسەر ئیسلام، وە پێویستە ئەوەش بزانین کە وڵاتانی بێباوەڕ هانی بیدعەچیەکان دەدەن و یارمەتیان دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی بیدعەکانیان بە هەموو شێوە و ڕێگایەك، چونکە ئەوە لەناوبردنی ئیسلامی تێدایە و ڕوی جوانیشی دەشێوێنن.

داواکارین لە خوای گەورە ئایینەکەی خۆی سەرخات و ووتەی خۆی بەرز بکاتەوە و دوژمنانیشی ڕیسوا بکات، وە درودو سڵاوی خوا لە سەر پێغەمبەرمان محمد و کەس و کار و هاوەڵەکانیشی.

***